



# کیبۆردێکی تایبەت و سەرنجڕاکێش بۆ مۆبایل

هەر لەو لاپەڕەیەدا زۆر جاران کیبۆردی تایبەت بە مۆبایلمان ناساندوە و ئاماژەمان بە جۆرەکانی کردووە، بەڵام هەر ڕۆژە داهێنانی نوێ دەکەوێتە بازاڕ و کیبۆردی مۆبایلیش جۆری دیکەیان بەرهەم دێن.

کیبۆردی جۆری Tregrip بۆ تەبلێت و مۆبایلی سمارت چێکراوەو تاکو بەکارهێنەران بتوانن بەبێ گرفت وەك کیبۆردی کۆمپیوتەر ئەرکەکانیان وەك نووسینی بابەت، یان نووسینی کورتەنامە بەهۆی ئەو کیبۆردەوە بنووسن، هەروەك لەوێنەکەدا دەیبینن، مۆبایل یا تەبلێتەکە دەکەوێتە ناوەندی کیبۆردەکە و دوگمەکان بەسەر دوو بەشی ڕاست و چەپدا دابەشکراون، جگە لەوەش کیبۆردەکە ماوسێکی تایبەتیشی تێدایە کە دەکرێت وەك ماوسی کۆمپیوتەر سوودی لێوەربگیردرێت.



# دەستبەندێکی هۆشمەند ئەرکی مۆبایلیش ئەنجام دەدات

لە پێشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا ئەو ئامێرە دیجیتالییە هۆشمەندانەی کە لە پەنجە یان لەدەست یا لەسەر دەخرێن سەرنجێکی زۆری ئامادەبووانی پێشانگاکەی ڕادەکێشا.

کۆمپانیای Razer nabu بازووبەند یا بە واتایەکی دیکە مەچەکبەندێکی هۆشمەندی خستەڕوو کە جیاوازییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ دەستبەندەکانی پێشوو، چونکە تێکەڵەیەك بوو لە کاتژمێری سمارت و بازووبەندی دیجیتالی. وەك کاتژمێرێکی ژیرۆك لەگەڵ ئامێرەکانی ئەندرۆیدی یا سیستەمی iOS لە ڕێگای بلوتوسەوە پەیوەند دەدرا، بەهۆیەوە زانیاری سەبارەت بە پەیوەندییەکان، کورتە پەیامەکان و ئیمێلەکانی نیشان دەدات. پێچەوانەی کاتژمێرە هۆشمەندەکان کە زانیارییەکانی لەسەر مەچەك نیشان دەدات و هەرکەس سەیری بکات دەیبینێ، لەو مەچەکبەندەدا دوو شاشەی OLED هەیە، کە یەکیان لەسەر مەچەکە و ئەوی تریان لە خوارەوەیە زانیاری سەبارەت بە هاتنی کورتە پەیام و پەیوەندی و ئیمێل لەسەر شاشەی دووەم نیشان دەدرێت بۆ ئەوەی کە کەسی تر نەیبینێ. هەروەها ڕێژەی کالۆری سووتاو لە جەستەدا، ئەو مەودایەی کە بڕیوتە، ئەو هەنگاوانەی کە هەڵتهێناون و ئەو قادرمانەی کە بەسەریان کەوتووی دەژمێرێت، هەروەها کاتژمێرەکانی پشوودان و خەویش نیشان دەدات.



# سینەمایەک لە چاویلکەدایە

چەند ساڵێك لەمەوبەر گوگڵ چاویلکەی هۆشمەندی بەرهەم هێنا کە هەم دەکرێت بەهۆیەوە سەیری ئیمێلەکەت بکەی و هەم سەر لە سایتەکان بدەی و فیلمێکیش سەیر بکەی! کۆمپانیای سۆنیش هەوڵیداوە سینەمایەکی چاویلکەی بەرهەم بێنێ، چاویلکەی جۆری HMZ-T3W ئامێرێکە کە وەك نیمچە کڵاوێك یان وەك چاویلکەیەك لەسەردەخرێ، بەهۆیەوە وێنەی سەر شاشەی ئامێرەکە بە 150 ئینجی دەبینی، واتە وەك ئەوەی لە دیواری سینەما سەیری فیلم بکەی. نەك تەنیا نیشاندانەکەی بەڵکو کوالیتی دەنگەکەشی وەك سینەمایە، لەهەمووی گرنگتر شاشەکەی نیشاندانی جۆری 3D واتە سێ رەهەندییە.

ئامێرەکە لەراستیدا لە دوو شاشەی بچووك پێکهاتووە، کە هەرکامیان تایبەت بە چاوێلکە و دوو دوگمەش هەیە بۆ فۆکس کردنی هەرکام لە شاشەکان. تەنانەت ئەگەر ئەو فیلمەی سەیریشی دەکەی سێ رەهەندیش نەبێت ئامێرەکە بەشێوەیەکی هۆشمەندانە وێنەکە دەکات بە سێ رەهەندی. چاویلکە سینەمایەکە تەنیا بۆ سەیرکردنی فیلم نییە، بەڵکو دەکرێت یاریی ئەلکترۆنیشی لەسەر بکەی. بۆ نموونە دەکرێت بە سوود وەرگرتن لە مۆبایلێکی سمارت و گەیمپەدێك، ئەو گەمانەی لەسەر مۆبایلەکەن لەسەر چاویلکەکە بیانبینی و ئەنجامیان بدەی.




# فوجی و پرینتەرێکی تایبەت بە مۆبایل

ئەوانەی شارەزای بواری وێنەگرین و تەنانەت ئەوانەی سەردەمی کامێرای فیلمیش، کامێرایان هەبوبێت و فیلمان بەکارهێنابێ، دەزانن فوجی Fujifilm یەکێك بووە لە کۆمپانیا سەرکەوتووەکانی بواری کامێرای فۆتۆگراف، بەدوای داهێنانی کامێرای دیجیتالیشدا، کۆمپانیا ژاپۆنییەکە بە جۆرێکی دیکە کارەکانی خۆی درێژە پێ دا و کامێرای دیجیتالی بەرهەم هێنا و بەشێك لە کارەکانی لە بەرهەم هێنانی پرینتەردا چڕکردەوە. لەم دواییەدا فوجی فیلم (Fu-jifilm) پرینتەرێکی نوێی تایبەت بە مۆبایلی بەرهەمهێناوە کە بە ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و ئەوەندە بچووکە لە جانتای سەفەر دەخرێت و بەهۆیەوە دەکرێت بەبێ وایەر وێنەکانی سەر مۆبایل پرێنت بکەی. پرینتەرە بچووکەکە کە بە پرینتەری جۆری Instax-Share-SP-1 ناسراوە، وێنەکان بەقەد کارتێکی ریکلام چاپ دەکات. پرینتەرەکە سیستەمی وای-فای هەیە و بەهۆیەوە بە هێڵی ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و تەنانەت دەکرێت ئەو وێنانەی لەسەر فەیسبووکیش داندراون تەنیا بە کلیکێك بەو پرینتەرە چاپ بکەی. لەهەر شەحنکردنەوەیەکیشدا هەتا چاپکردنی سەد وێنە شەحنەکەی دانابەزێت و هەر وێنەیەکیش نزیکەی 16 چرکەی پێدەچێت.




# مۆنیتۆرێکی سەرسوڕهێنەر بۆ ئۆگرانی گەمەی ئەلکترۆنی

لە پێشانگای ساڵانەی CES ئەمساڵدا کۆمپانیای ئاسۆس (Asus) مۆنیتۆرێکی 27 ئینجی بەناوی POG swift pg278q بۆ ئەوانەی ئۆگری گەمەی ئەلکترۆنین خستەڕوو. مۆنیتۆرەکە کوالێتی نیشاندانەکەی 2560×1440 پیکسلە واتە (WQHD)، زۆر سەرووتری فول ئیچ دی. جگە لەوەش بە چەند تەکنەلۆژیای دیکەش شاشەکەی دەوڵەمەند کردووە، وەك Gameplus و کارتی شاشەی NVidia G-SYNC. ئەم تەکنەلۆژییەی کە ئاماژەی پێدرا لە راستیدا بۆردێکی ئەلکترۆنییە کە لەسەر شاشەکە دادەندرێت و ئەو ئیزنە بە کارتی شاشە دەدات کە وێنەکان سەرلەنوێ کوالیتییان بەرزتر بکاتەوە. تایبەتمەندییەکی دیکەی مۆنیتۆرەکە ئەوەیە کە بارستاییەکەی زۆر تەنکە، و چەند کەلێنی دانانی USB3ی بۆ داندراوە. جگە لەوەش شاشەکە دەکرێت وەك تەلەڤزیۆن لە دیوار بدرێت.

# کاتژمێر یان مۆبایل؟



بەپەرەسەندنی مۆبایلە سـمارتە نوێیەکان، گرنگییەکی زۆریش بە کاتژمێری دەسـت درا، کاتژمێری دەسـت کە لەو چەند ساڵەی دواییـدا بازاڕیان بەرەو سـاردی دەچوو و کەمتر لـە گەنجەکان ئامادەبوون کاتژمێر لەدەسـت بکەن، ئێستا بە داهاتنی کاتژمێری هۆشـمەندی دیجیتالی کە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت بازاڕی کاتژمێـر گەرم بـووە. کاتژمێری Pine کە یەکێکـە لە کاتژمێرە سـمارتەکان جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ کاتژمێرەکانی پێش خۆی، چونکە لە راستیدا خۆی بەتەنیا مۆبایلێکە و کە سیتسەمی ئەندرۆیدی لەسـەرە. رامەکەی 512 میگابایتە و رامەکەی زیاتر لـە 32 گیگابایتە، هەروەها وەك زۆربەی مۆبایلە هۆشـمەندەکان کامێرایەکی 5 میگاپیکسلیشی لەسەرە کە فلاشی جۆری LED هەیـە و جگە لـەوەش کامێرایەکی جـۆری VGA بۆ چاتکردن تێدایە. شاشـەکەی کاتژمێرە مۆبایلەکە 2.4 ئینجە و سیستەمی چوارەمی ئەندرۆیدی لەسەرە.

# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی بەڕێز پرسـیارێکی ئاراستەی کردووین و دەپرسێت ئایا لە ویندۆز7دا پارتیشنبەندی واتە دابەشکردنی هارد بۆ چەند بەشێك چۆن دەکرێت؟

خوێنەری بەڕێز لە ویندۆز7دا بەخۆشـییەوە پارتیشبەندی زۆر ئاسانە، لەسەرەتادا کلیکی راست لەسەر ئایکۆنی computer بکە، دواتر لەو لیستەدا دەردەکەوێت کلیك لەسەر فەرمانی manage بکە، دوای کردنەوەی ئەو بەشە لەو لیستەدا فەرمان لەسەر Disk Management بکە، ئیدی دوای ئەوە لیستی گشت درایڤەکان وەك (C,D,E) دەکرێنەوە، هەر درایڤێك کە مەبەستە پارتیشنبەندی بکرێت، کلیکی راستی لەسەر بکە و فەرمانی shrink volume لێبدە، ئەوکات بە ئاسانی درایڤێکی دیکەت بۆ دروست دەبێت بە مەیلی خۆت پێتخۆشە قەوارەی پارتەکەت چەند بێ دیاری دەکەی، ئاوا بەو ئاسانییە پارتیشنبەندی دەکرێت.

# بووکەڵەیەک بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانی ماڵەوە



ئـەم بووکەڵەیەی کە وێنەکەی دەبینن، ئـەوە بووکەڵەی گەمەکردنی منداڵان نییە، بەڵکو ئامێرێکی گرنگی چاودێرییە بەسـەر ماڵەوە. بووکەڵە ژیرۆکەکە لەگەڵ مۆبایل یا تەبلێـت پەیوەند دەدرێت و زانیاری پێویسـت لەناو ژوورەوە بـۆ خاوەنەکەی بەرێ دەکات. هەرچەندە شـێوەکەی وەك بووکەڵەی "باربایاپا"یە کە نەوەکانی پێشـوو فیلمە کارتۆنییەکەیـان دیوە. بووکەڵە ژیرۆکەکە زانیارییەکان لە رێگای هەسـتەوەرێك بەناوی Motion Cookie وەردەگرێت و پاشـان بۆ بەکارهێنەری بەرێ دەکات، هەسـتەوەرەکان جووڵە و هاتوچۆی کەسـەکانی ژوورەوە، کەش وهەوا دەناسێ و بۆ نموونە ئەگەر کەسێك بێتـە ژوورەوە ئاگادارتان دەکاتەوە، یان ئەگەر لەبیرتان چووبێـت دەرمانەکانتان لەکاتی دیاریکـراودا بخۆن بیرتان دەخاتـەوە، بووکەڵەکە دەکرێت چاودێریی هەر شـتێك بکات، بۆ نموونە دەکرێت چاودێریی ژووری چێشـتخانە بکات و ئەگەر کەسـێك لە مەنجەڵی خواردنەکە نزیك بووەوە ئاگادارتان بکاتەوە، بە کورتی بووکەڵە بووکێکە بۆ ماڵەوە.

# به دەنگی خۆت ئامێرەکانی ماڵەوە کۆنترۆڵ بکە!




حەز دەکەی کاتێك نیازت هەیە گڵۆپی ماڵەوە بکوژێنیەوە، ڕاستەوخۆ بڵێی "گڵۆپەکە بکوژێوە" ئەویش دەستبەجێ بکوژێتەوە! یان کاتێك نیازت هەیە دەنگی تەلەڤزیۆنەکەت کەم یان زۆر بکەی بە دەنگی خۆت فەرمان بە تەلەڤزیۆنەکەت بکەی، یان ساردی و گەرمی سپیلەتەکەت بە دەنگی خۆت و بە فەرمانی خۆت جێبەجێ بێت؟!

یەکێك لەو ئامێرانەی کە پیشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا نیشاندرا ئامێری Ivee sleek بوو کە بەهۆیەوە دەکرێت بەدەنگی خۆت کۆنترۆڵی ئامێرەکانی ماڵەوەت بکەی، بەشێك لەو ئامێرانە ئەوانەن، گڵۆپەکان، سپیلت، دەرگاکانی ماڵەوە، تەلەڤزیۆن و مۆبایل...تاد بەڵام دەبێت گشت ئەو ئامێرانە بە تۆڕێکی وای-فای ماڵەوە پەیوەند بدرێن.

ئامێرەکە لە کاتژمێرێکی سەرمێز دەچێت، بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە دەڵێت ئامێرەکە تەنیا چەند دەنگێکی دیاریکراو ناناسێت و بەڵکو دەیان دەنگ دەناسێت، بۆ نموونە ئەگەر پێی بڵێیت گەرمی سپلیتەکە 25 پلە بێت ڕاستەوخۆ سپیلتەکە دەکاتە 25 پلە، بەڵام گەر بڵێی هەوا ساردە ئەوە ڕاستەوخۆ فەرمان بە دوا پلەی سپلیتەکە دەدات.

# سایت و پرۆگرامێک بۆ دۆزینەوەی مۆبایل




زۆر کەس هەیە کاتێك مۆبایلەکەی دزراوە یان ون بووە، ئیدی کورد گوتەنی ئاواو ئاو ڕۆیشتووەو کەس بۆی نەگەڕاندۆتەوە و ئەوکاتە هەرچی وێنە و ژمارەی هاوڕێ و دۆستانی بەتەواوی لە دەست داوە و هەرچەند کە پەیوەندی کردووە بەو کەسەی مۆبایلەکەی دۆزیوەتەوە یان بە ئەنقەست بردوویەتی گوێی پێنەداوە، بەڵام بە سوود وەرگرتن لە پرۆگرامی Seekdroid کە بە ئاسانی لە ئینتەرنێت دەستدەکەوێت ئیدی لەمەولا ئەگەر مۆبایلە گرانبەهاکەت دزرا یان ون بوو، خەمی بۆ نەخۆی چونکە دۆزینەوەی ئاسانە. ئەم پرۆگرامە بۆ سیستەمی ئەندرۆیدە و بۆ سیستەمەکانی دیکە نییە. کاتێك ون بوو لە ڕێگای سایتی پرۆگرامەکە دەزانی شوێنی مۆبایلەکەت لە کوێیە. کارکردن بەو پرۆگرامە بەو شێوەیە، کاتێك کە پرۆگرامەکەت دابەزاندە سەر مۆبایلەکەت، ئەکاونتێك لە سایتی www.seekdroid.comدا دەکەیەوە و ئیدی ئەو سایتە مۆبایلەکەت دەناسێ بەڵام دەبێت ئەوکاتە کە پرۆگرامەکە دادەبەزێنی هێڵی ئینتەرنێت لەسەر مۆبایلەکەت هەبێت، دواتر نەشبێت زۆر گرنگ نییە. ئەگەر مۆبایلەکەت دزرا یان ون بوو دەکرێت لە ڕێگای سایتەکەو چوونە سەر ئەکاونتی خۆت ئەم ئەرکانە ئەنجام بدەی. چالاککردنی GPS، داخستنی مۆبایل، بەدەنگ هێنانی جەرەسی مۆبایل، وەرگرتنی ئەو ژمارەیە کە ئێستا مۆبایلەکە لەسەریەتی، وەرگرتنی سێ ژمارە کە پەیوەندییان بەو ژمارەوە کردوە یا ژمارەکە پەیوەندی پێوەکردوون، سڕینەوەی زانیاری سەر میمۆری مۆبایلەکە و کارکردن بەبێ سیمکارت.




ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە ئامێرەکەت تەنیا یەك ئامێر بێت، واتە تەلەڤزیۆنی ماڵەوە تەنیا ئەرکی نیشاندانی کەناڵەکان بێت، بەڵکو دەکرێت وەك کۆمپیوتەر کاری ئینتەرنێتیشی پێ بکرێت، وەك ئەو لاپتۆپەی کۆمپانیای توشیبا کە لەیەك کاتدا دەبێتە پێنج ئامێر، لەکاتی ئاساییدا وەك لاپتۆپە، بەڵام کە شاشەکەی بسوورێنی دەبێتە تەبلێتێکی تەواو، سێ حاڵەتەکەی دیکەش بە یارمەتی ئەو کیبۆردەیە کە جیا دەبێتەوە لەگەڵ ئەو پارچەیەی کە شاشە و کیبۆردەکە پێکەوە دەبەستێتەوە. بۆ نموونە دەبێتە تەلەڤزیۆنێك کە لە دیوار بدرێت یان وەك کۆمپیوتەرێکی سەرمێزی لێدێت.